# شانۆنامەی
# ئاوێنە

نوسینی: ئەحمەد قادر رەشید

http://chrakan.com

# ئاوێنە

ئەنوەر قادر رەشید

**( ژوورێکی پەڕپووت ، کەنتۆرێکی دەرگا ئاوێنەیی، هەندێ کورسی و مێزێکی کۆنە، شاسوار لەسەر کورسیەک دانیشتوە و دەیەوێ بنووسێ، تەنیا لایەکی دەموچاوی دەبینرێ)**

**شاسوار**: ئەم نووسینە نەگریسە هەڵمئەقرچێنێ وشەوگاری لێ کردومەتە دۆزەخ (لەگەڵ قەڵەم و کاغەزەکەی بەردەمی دەدوێ) وام ئەزانی ئێوە ئەبنە هاوەڵی گیانیبەگیانیم و خەمی غەریبیم ئەڕەوێننەوە، کەچی ئێوەشم لێ تەرە بوون و لێم چوون بەقینا، کوان ئەو هەموو بیرۆکە جوانانەی لە دێڕەکانا سەمایان ئەکرد و باخچەی خۆشەویستیان ئاوپرژێن ئەکرد؟... تۆ بڵێی ئێوەشم لەگەڵ هەموو خۆشەویستەکانم لە کوردستان بەجێهێشتبێ، یان ئێوە منتان بەڕێکرد و...... **(بێدەنگی)..** نەء باوەڕناکەم ، ئەی ئەوەنیە شەوان چەندین بیرۆکەی جوانم بۆ یەت و چونکە لەکاتی خۆیا نایانڕێژمە سەر کاغەز، بۆ بەیانی هەر یەکە بەلایەکا هەڵئەفڕن، ناهەقیان نیە، خۆ ئەگەر وشە ماسی بێ، ئەوە بە دڵنیاییەوە نیشتمان دەریایە، ئێ ماسیش چۆن لەم بیابانی نامۆییەدا ئەژی. ؟!. تەنیا وشە و رستەكاني جاري جاران ئاسوودەییان بە گیانم ئەبەخشي و, لەسەر لاپەڕەكانیش بەدەممەوە پێئەكەنین, كەچي ئێستا ئەوانیش بوونەتە مۆرانەو مۆتەكەو ئۆقرەیان لەبەر پڕیوم. تا لە جێگادام خۆیان ریز ئەكەن و ئەبنە ئەستێرەو تەنیا عەودالي رۆشنایي قەڵەمن وەك خۆر بیاندرەوشێنێتەوە. خۆم ئەزانم بەیاني باڵئەگرن, بۆیە هەندێ جار لە جێگاكەم هەڵئەستام و پڕم ئەكرد بەقەڵەم ودەفتەرا, بەڵام مەخابن رستەكانیش وەك خۆمان كەم حەوسەڵە و نەفەس كورتن بۆیە دەكەوتنە پاڵەپەستۆ و بەشێوەیەک بیرمیان ئاڵۆز ئەكرد, نەمئەزاني لە كوێوە دەست پێ بكەم و هەر هیچ نەبێ كۆنترۆڵي سۆزي خۆم بكەم، تا بتوانم جڵەوي هۆشیشم بگرمەوەو رستەكانم

بەشێوەیەکي تر و لەقاڵبێکي تردا دایڕێژمەوە. نەخێر ناکرێ و نابێ, نووسین و سۆز پێکەوە تەگبیریان کردووە و مانیان لێ گرتووم.
-ئاي چەند ستەمە مرۆڤ نائومێدبێ. لەوەش ستەمتر ئەوەیە ئامانجێکی گەورە پاڵپشتت نەبێ, تا بتواني خۆت لەپێناویا بەخت بکەیت.
**(دەنگێکی شپرزە کە دەنگی ناخی خۆیەتی)**
**دەنگ:** گوایە نازانی ژیان مار و پەیژەیە، چەند بە پەیژەدا سەرکەوی، مارێک فڕێت ئەداتەوە سەرەتا؟
**شاسوار:** بەڵام ژیانێک مانای هەبێ، هەردەم پەیژەیە، ئینسان خۆی مارەکە ئەخولڵقێنێ، ئەگینا لاپێناوی ئامانجێکا، مردنیش هەر سەرکەوتنە، تەنیا مرۆڤی بێ ئامانج لە سەر و کلکی مارەکەدا گەمە ئەکا**(بێدەنگی)**
من نازانم بۆ وام بەسەر هاتووە بۆ ئاوەندە بێدەسەڵاتم.... خۆ من هیچ گومانێکم نیە کە سەرەتای کاولبوونی ناخە... بێ ئامانجی و بێدەسەڵاتی یانی هیچ پاساوێکت نامێنێ بۆ ژیان....
**دەنگ**: تۆ کەمت نەکردووە، خەڵکانێک هەن هەر هیچیان لە ژیانا نەکردووە و بەختەوەریشن، یان تۆ هەر ئەتەوێ بە هیچ و خۆڕایی ئازاری خۆت بدەی ؟
**شاسوار:** ئینجا ئەوکەسانە کەی شایستەی ژیانن؟ بۆچی هەرکەسێک هەناسەی هات و چوو ئیتر بە زیندوو ئەژمێررێ؟... من زۆر جار بە کون و کەلەبەرەکانی ناخما ئەگەڕێم بۆ تروسکاییەک ، ئەوەی کردووشمە وەک فیلمێکی کۆنی خراپ مۆنتاژکراو گرتەکان تێکەڵ ئەبن و تەنانەت رووداوەکانی ژیانی خۆشمم بۆ کۆنترۆڵ ناکرێ.....
**دەنگ**: ئەزانی چی بکەی؟ لە خۆشەویستیەکەی دڵسۆزەوە دەست پێ بکە
**شاسوار:** بەم دەموچاوە ترسناکەوە؟**(روو دەکاتە بینەران و دەبینرێ کە لایەکی دەم و چاوی سووتاوە)** من تازە مەگەر منالم پێ بترسێنن.... من و خۆشەویستی کوجا مەرحەبا
**دەنگ**: گوێ بۆ دەنگی سۆزت شلکە، دڵسۆز درەوشاوەترین یادگاری ژیانتە..
**(وردە وردە شاسوار بیری دەکەوێتەوە)**

## بیرەوەری یەکەم

**گرتەی 1**
**کات/ پێش نیوەڕۆ/ بیست ساڵ پێش ئێستا**
**شوێن/ باخچەیەکی گشتی**
**(شاسوار و دڵسۆز)**
دیارە دڵسۆز گلەیی لە شاسوار دەکا
دڵسۆز: باشە ئێمە پەیمانمان نەدابوو دوای تەواوبوونی زانکۆ بێیتە داوام
و بەیەکتر شاد بین؟
شاسوار: گوڵەکەم دڵە گیان بەو چاوە جوانانەت من لەتۆ زیاتر حەزئەکەم

ئەگەر یەک حەسیریش کۆمان بکاتەوە پێکەوە بژین، بەڵام من
یەکێکم لە ئەندامانی ڕێخستنی ناوشار و، پاش گرتنی هاوڕێکانم
ناچارم پڕۆمە دەرەوە
دڵسۆز: ئەی نەئەبوو پێشتر پێم بڵێی کە ئەندامی ڕێخستنی؟ یان ئەترسای
خەبەرت لێ بدەم؟
شاسوار: دڵەکەم تۆ بۆ ئەوەندە مەسەلەکە بە حەساسیەت وەرئەگری؟ من
من نەمئەویست تۆ لە ترس و دڵەڕاوکێدا بژیت، من بۆیە ئەوەندەم
تۆ خۆشویستوە چونکە ئەوەندە ئەم کوردستانەت خۆش ویستوە
دڵسۆز: **(وەک بیەوێ دڵنەوایی بکا)** هەر لەبەر ئەوە منت خۆش ئەویست؟
شاسوار: ئەوە بێجگە لە جوانی و ئاغری و زیرەکی و....
دڵسۆز: بەسە بەس، با لەخۆم بایی نەبم
شاسوار: دڵە گیان من نازانم چیم بەسەر دێ، تۆش سەرپشک بە لە
هەڵبژاردنی ژیانی خۆت
دڵسۆز: لەچی سەرپشک بم؟خۆشەویستی تۆ وا داوی کردووم. ئەگەر
پرچی سپیم هۆنیوەتەوە، هەر بۆ تۆ ئەبم، من یا بۆتۆ ئەبم یان
بۆ گڵ ....

**گرتە 2**

**هەمان شوێن و هەمان کات**

شاسوار چەند چەکدارێک دەبینێ و خۆی لە دڵسۆز هەڵە دەکا و بەپرتاو
بۆی دەردەچێ ، دڵسۆز بەترسەوە دەڕوانێ .... چەکدارەکان ئەوبەری
شەقامەکەیان گرتووە و شاسوار دەسگیر دەکەن و دەیبەن ....
دڵسۆز ترس و خەم، فرمێسک بە چاوەکانیدا
دێننە خوارێ و لەجێی خۆی دەکەوێ

**گەڕانەوە بۆ شانۆ**

**شاسوار: ( بەتەوسەوە)** یا بۆ من ئەبێ یان بۆ گڵ ، بۆچی من لە گڵ باشترم؟ هەر هیچ نەبێ لەوێ ئاسوودەی، بەڵام لەگەڵ منا بەردەوام لە دۆزەخای. لەگەڵ ترسناکترین چڕوچاو،

**دەنگ:** دیارە تۆش وەکو ئەو کەسانەت لێ هاتووە کە لەزەت لە ئازاری خۆیان ئەبینن... بەزۆر خۆیان ئەخەنە گۆمی گومانەوە... ئەگینا تۆ ژیانت ئەوەندە چڕ ە پڕ و جوامێرانە بووە، بە درێژایی ژیانت ئەستێرەیەکی درەوشاوە بوویت .. جوانیش جوانی ناخە، نەک شێوە..
**شاسوار: (دیسان بەتەوسەوە)**ناخ؟ پێم نالێی ناخ چۆن لەگەڵ غەریبیا هەرەس ناهێنێ؟ کام دەروون دەرەقەتی بێدەسەڵاتی و بێ ئامانجی دێت؟ من خۆشم نازانم ئەترسم، شەرمەزارم، یان گێژاوی بێهوودەیی شالاوی بۆ هێناوم و هەموو دنیا گەلەکۆمەکێیان لە ئامانجەکانم کردووە و چنگیان لە بینەقاقای ئاواتەکانم گیر کردووە و تنۆک تنۆک خۆشەویستی لە دڵما دەر ئەهێنن و، کردوومیان بە خاڵێکی رەش لە شەوەزەنگی نەهامەتیا...
**دەنگ:** تۆیەک چەرمەسەری و نەبوونی و گیرۆدەیی وەک بنێشتەتاڵ بەسەرجەمی ژیانتا لکاوە ... رووبەرووی هەموو کارەساتەکانی ژیانت بوویتەوە و هەندێجاریش کلۆلیەکانی ژیانت بە زەردەخەنەی گاڵتەجاڕی بەڕێ ئەکرد، ئیتر بۆ ئەمجارە ....
**شاسوار:** ئەمجارە...ئەمجارە.... چونکە ئەمجارە کۆستە ، کارەساتە ، بێدەسەڵاتیە ، بێدەسەڵاتی ... چۆن ئەتوانم لەم غوربەتە نەگریسەدا ئۆقرە بگرم **(دەرگای کەنتۆرەکەی دەکاتەوە و قەمسەلەیەک دەردەهێنێ و لەبەری دەکا و ڕوو دەکاتە ئاوێنەکە)** بەڵام بەم سەرما و سۆڵەیە بۆ کوێ بچم و سەر بە کوێوە بنێم...
**دەنگ لەئاوێنەکەوە:** تۆ ئیمشەو راییکە تا سبەینێش خوا ئەمێنێ و مڵکی... خوا لە سوڵتان مەحموو گەورەترە
**شاسوار:** ئەوە قسە و هەقایەتی لای خۆمانە و لێرە پوولێکی قەڵب ناکەن، سوڵتان مەحموودی ئێرە سەرجەمی سیستەمەکەیە ، هەموو دنیاش بەسەر یکا بترشێ سیستەمەکە هەر ئەمێنێ .. ئەم کۆمەڵگایە تەنیا بۆ خۆیان گونجاوە ، ئیتر ئەبێ تۆش یان خۆتی لەگەڵا بگونجێنی ، یان خۆتی لێ دەربازبکەیت .. بەڵام خۆ ئێمەش بە پێشینانەوە بەستراوینەتەوە ، ئەی نەیانوتووە – سواربوون عەیبێک و دابەزین دوو عەیب ؟ - ئەی خۆ ئەبێ منیش شتێک بەشتێ بکەم .. هەوڵێکی خوێندن ، کەڵک وەرگرتن لە کولتور و تێکنۆلۆژیای ئەم وڵاتە ... خۆ قاڵکردن .... **(پێدەکەنێ )** خۆقاڵکردن؟ نا..نا.. وەختی خۆ قاڵکردن نییە وەختی خۆ تاڵکردنە کەی بە مرۆڤ لەقەڵەم دراوم، تا بتوانم بخوێنم، تازە ناخم وێران بووە و قاوغێکم ماوەتەوە، بووم بە کارتۆنی بەتاڵ، کەس کارتۆنی دیوە بخوێنێ، تا تاسەو وزەی خێندنمان هەبوو رێگا نەدراین بگەینە هیچ شوێنێك، ئێستاش ئێمە لە وێزگەیەکدا وەستاوین زۆر لە دەمێکە شەمەندەفەرەکەی تێپەڕیوە... **( بیری دەکەوێتەوە )** بەڕاست خۆ من قاپێ ئارەقم هەیە... بۆ ئیمشەوی پێ رایی نەکەم؟
وای لێ ئەکەم ، ئەمشەو ئەبمە میوانی خواردنەوە . خۆم کەیل ئەکەم **( دەڕوا بەرەو کەنتۆرەکە ، دەرگاکەی دەکاتەوە ، قەمسەلەکەی هەڵدەواسێ و بوتڵێ ئارەق دەردەهێنێ و رازوگلەیی لەگەڵ بوتڵەکە دەکا)** عیلاجی دەردم ، وانەزانی تۆم بیر چۆتەوە،، هەر خۆم و خۆت بە تەنیاین، ئیتر کێ ئەتوانێ تەنیا هاورێی خۆی پشتگوێ بخا ، تۆ لە زیرەکترین دوکتۆری دەروونی دوکتۆرتری ، خۆ تۆ وەک دوکتۆر نیت لە دەرەوە فەحسم بکەی، نا تۆ ئەچیتە ناوەوە و لەوێوە ناخ عیلاج ئەکەی ..... تۆم لەگەڵا بی قەت خۆم بە تەنیا نازانم .

- **(دەرگای کەنتۆرەکە دادەخاتەوە و لەئاوێنەکەدا خۆی دەبینێ )** سەیرە .. چۆن تا ئێستا بیرم لەم داهێنانە مەزنە نەکردووەتەوە ؟ بۆچی لەگەڵ خۆم نەخۆمەوە؟... لەوەتەی ئەو ئاوێنەی کەنتۆرە لەوێدایە سەیری ئەکەم و نایبینم...کردبوومە عادەت چەند خۆم بگۆأیایە لەبەر ئاوێنەکەدا سەیرێکی خۆمم ئەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین جار کەفی ریشتاشینەکەم بەڕووەوە وشك بوەتەوە و نەمدیوە، یان قۆپچەی کراسەکەم سەرەوژێر بەستوە و دیقەتم نەداوە. زۆر راستە هەیە سەیر دەکا و نابینێ، هەر وەك چۆن هەن گوێ ئەگرن و نابیستن.
- (مێز و کورسیەکەی رووبەأووی ئاوێنەکە دانا و ئارەق و مەزەی لەسەر ریز کرد و پەرداخێك و دۆلکەیەك ئاویشی لەسەر دانا.)
- - من ئەمەوێ ئەمشەو لەگەڵ خۆم بخۆمەوە، کەواتە ئەم پەرداخە بۆ من و پەرداخێکیش بۆ خۆم ئەهێنم...نا. نا... پەرداخی چی؟. خۆشم هەر لە پەرداخەکەی مندا ئەخواتەوە...ئاوێنە جوانەکە، بەخۆأایی نییە پێشینان وتوویانە((دڵ ئاوێنەی دڵە))...یان بۆ شتێکی زۆر جوان و پاك ئەڵێن ((وەك ئاوێنە پاك و یێگەردە))...ئاوێنە ئەو هەلە بەنرخەت بۆ ئەأەخسێنێ لەگەڵ خۆت بخۆیتەوە، ئەمەش چەند تایبەتمەندیەکی زۆر بەهادارو کەم وێنەی هەیە، کە لە هیچ دانیشتنێکی تردا بۆت ناأەخسێ...یەکەمیان لەسەرەتاوە تا کۆتایی بەقەدەر تۆ لەگەڵت ئەخواتەوە بێ ئەوەی قومێك مەشرووبەکەی تۆ کەم یێتەوە، پاشان تۆ قسە ئەکەیت و ئەو گوێت لێ رادەگرێ...نا.نا.گوێ راناگرێ...ئەویش بەهەمان شێوە ئەدوێ، لەهەمان کاتیشدا رێ لە قسە کردنی تۆ ناگرێ و قسەش لە قسەتدا ناکات و، لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە لەپاشملە زەمت ناکا...هەر وەکو قاڵب پأبەپأی ئەم غەریبیەی منە، من کەی تاقەت و حەوسەڵەی دەمەتەقێ و ململانێم ماوە. بەقەناعەتی من ئەگەر ئەم خۆمانە بیانتوانیایە لەدەرەوەی ئاوێنەکە بژین و لەتەکماندا بوونایە...ژیان مانایەکی تری ئەبوو...ئەبوونە جێی متمانەی هەموان، چونکە راستیەکان وەك خۆی ئەخەنە روو، بەقەبارەی خۆی شتەکان پیشان ئەدەنەوە، ئاوێنە گیانەکە من بۆیە بەسەرتدا هەڵنادەم لەخۆت بایی بیت، ئەوەتا تۆ خۆمم وەك من پیشان ئەدەیت، ماستاوم بۆ ناکەیت، چەند لێت دوور بکەومەوە تۆش ئەوەندە خۆت دوور دەگریت و رێزی خۆتت لایە، لەکەیەك بە شوێنێکمەوە یێت دەم و دەست ئاشکرای ئەکەیت و، هەرگیز نامەردانە لەپشتەوە خەنجەرم لێ نادەیت، تۆ ئەو شتە راستگۆیەیت ئەگەر لەژیاندا بوویتایە، یان ئەبوویت بە نموونەی رەوشت یان ئەکوژرایت. ( وردە وردە دەست دەکات بە خواردنەوە )
- - رۆژانی پێشمەرگایەتی و خەباتی چەکداریت بیرە؟! ئاخر بڵێ چۆن بیرم نییە...ئێمە لە خۆشی و ناخۆشیدا بە بست لەیەکتر جیا نەبووینەتەوە، پێکەوە هاتووینە دنیا و پێکیشەوە ماڵئاوایی لێ دەکەین...گیانمان لەسەر لەپی دەستمان بوو...جار هەبوو بە یەك رۆژ و دوو رۆژ خواردنمان دەست نەدەکەوت...ئەو شاخ و کێوانەی لە وێنەدا ئەوەندە جوانن، هەناسەیان لێ بأیبووین و هێزیان لە ئەژنۆمانا نەهێشتبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پشت و پەنامان بوون، ئەیانپاراستین... ئەو رۆژانە مردنمان بەکۆڵەوە بوو، هەموو سات

وچرکەیەك مەرگ سەرەتاتکێی لێ ئەکردین...لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەستەو ئەژنۆ لە چاوەأوانیدا دانەئەنیشتین، چڵکن، برسی، بێ پارەوپوول، کەچی ئەو هەموو رۆشناییەش لەدڵماندا بوو... شانازیمان بەخۆمانەوە ئەکرد... لەگەڵ ژیاندا یاری مشك و پشیلەمان ئەکرد، لە بنەما و نهێنیەکانی گەمەی ژیان تێگەیشتبووین...ئێمە سێزیفێك بووین کە تاشەبەردەکەمان سەر دەخست و چاوەأوانیمان نەدەکرد بەسەرماندا تلۆرێتەوە، بەڵکو هەر خۆمان ئەمانتلانەوە بەرەو خوار و جارێکی تر سەرمان ئەخستەوە، ناڵێم لە گەمەکە تێگەیشتبووین؟...خۆ دەمانزانی ئەنجامەکەی یەکە، بەڵام نەمانئەویست ئەو هەلە بدەینە دەست قەدەر خۆیمان بەسەرا بادا، ئای لەو رۆژە سەختانەی تەمەن چەند ئاسوودە و بەختیار بووین...هەر ئەوەندە بوو تا ماندویی لەشمان دەرئەچوو...ئیدی دەکەوتینەوە بەهەشتە بەرینەکەی کە خۆمان فریشتەکانی بووین...

## بیرةوةری 2

**شوێن / سەر چیاکانی کوردستان**
**کات/ پێش راپەرین / رۆژ**
**گرتەی/ 1**

( چەند پێشمەرگەیەک لەسەر چیاکا سەرکەشەکانی کوردستان
کە شاسواریشیان لەگەڵدایە زۆر لە ئێستا گەنج ترە و کورێکی
قۆز و بە هیمەت دیارە - ئاشکرایە لەشەڕێکی سەخت گەڕاونەتەوە
سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە ....

**ئازاد:** ئینجا با بچینەوە ناو دێ و کەمێ ئیسراحەت بکەین

**شاسوار:** بڵێ بەسەر بەعسی فاشیا سەرکەوتین و سەرەی ساوەرە بەسەرمانا زاڵ بێ

**سەربەست:** من لەو پروایەدام زوربەی ئەو پێشمەرگانەی خۆیان تەسلیم ئەکەنەوە لە رقی ساوەرە

**ئامانج**: من نازانم ئەم ساوەرە تا کەی بەدوامانەوە ئەبێ

**شاسوار**: بەسەری ئەو ئامانجە هەتا کورد بمێنێ ساوەر ئەمێنێ و هەتا ساوەریش بمێنێ پێشمەرگە هەر ئەمێنێ

**( هەموو پێدەکەنن)**

# بڕین

- ئەزانی زۆرجار بیر لەو کاتانە دەکەمەوەو لەگەڵ ئێستا بەراوردی ئەکەم؟. ئەوسا ئامانجێکمان هەبوو، تەنانەت ئەو کاتانەی ڕەخنەی توندیشمان لە هێڵی گشتی شۆأش دەگرت و باوەأمان بەو شێوەی خەباتە لەق بوبوو، هەر گوأوتینێکی ئەفسوناوی ناخمانی ڕۆشن دەکردەوەو، شانازیمان بەرای خۆمانەوە دەکردو، بەوپەأی تواناوە بەرگریمان لێ دەکردو، تا دەهات ڕۆشنایی ئاواتەکانمان بەهێزتر دەبوو. من هیچ گومانم نیە کە مرۆ بۆیە دەژی تا ئامانجەکانی بهێنێتە دی، لەپێناوی ئەو ئامانجانەدا تا ڕادەی خۆبەخت کردن خەبات دەکا...ئەی کاتێ ئامانجەکان نامێنن؟...کاتێ ئومێدو ئاواتەکان زیندەبەچاڵ دەکرێن؟...ئەبێ مرۆڤی بێ ئامانج و بێ هیوا چۆن بژی و بۆچی بژی؟... ئەبێ لەو حاڵەتانەدا خودی ژیان مانای بمێنێ؟(وەستان)...ژیان سەیرە...ئەزانی زۆر کەس کەئەیانبەن بۆ گۆأستان و جەستەیان ئەشارنەوە، وا دەزانن تازە مردوون، بەڵام لەأاستیا بە مردویی هاتوونەتە دنیاو بەمردوییش ژیاون...نا..نا.. پێمەکەنە بەراستیمە...خەڵك هەن بەمردویی ئەژین...بەڵام تا هەناسەیان نەوەستێ و دڵە میکانیکیەکەیان لەکار نەکەوێ نایانشارنەوە...وا ئەزانی شەرخۆش بووم؟!...من مەبەستم ئەو کەسانەیە کە دنیا بەجێ ئەهێڵن و لە یاریەکە تێ نەگەیشتوون...خۆ من ناڵێم تەنیا ئەو کەسە شایستەی ژیانە کە جێ پەنجە لەسەر مێژوو بەجێ دەهێڵێ...تۆ بڵێی ئەوەندە گەلحۆبم، نەزانم مێژوو لە کۆشکی دەسەڵاتدارا بۆ چەواشەکردنی بێ دەسەڵاتان ئەنوسرێتەوە؟!...دیسان دەگەأیمەوە سەر مەسەلەی ئامانج... خۆ مەرج نیە بتوانیت ئاواتەکانت بخەیتە قاڵبی تیوری و وەك شیعر لەبەری بکەی...ئەی گوایە ئەو دایکە شایستەی ژیان نیە کە قوربانی و دابەشکردنی خۆشەویستی کردوەتە دروشم بۆ گەیشتن بە ئاوات، ئاواتیشی پەروەردە کردنی منداڵەکانێتی، من مەبەستم ئەوە نیە دایك ژیانی خۆی لە چێشتخانەوە بگوێزێتەوە بۆ گۆأستان، مەبەستم ئەوەیە نیە هەر کوژراو و بکوژ شایستەی ژیان بن...ژیان تەنیا لەو دووخانەیەدا کۆنایێتەوە...واز بێنە خۆمە گیان با نەچینە ناو زریانی فەلسەفەوە، چونکە نەك تەنیا فەیلەسووفەکان، بەڵکو هونەرمەند و ئەدیب و سۆفی و عابیدەکانیش، وەك خەڵکانی تر خۆیان ئەدەن بەدەم شەپۆلەکانەوەو، هەر یەکەیان بەشێوەیەك لە شێوەکان پاڵ بە ژیانەوە ئەنێن...مرۆڤ زۆر سەیرە...وەك بەرەنگاری ژیانی پێ ناکرێتەوە، بەوەشەوە ناوەستێ و یارمەتی ڕۆژگار ئەدا بۆ گەیشتنی بە مەرگ.ڕەنگە ئەوەش بێ کە بەگریان دێینە دنیا و بەزەردەخەنە بەجێی ئەهێڵین...ئەزانی خۆمی خۆشەویست...مرۆڤ کە لەدایك ئەبێ مەتریاڵێکی خامە و وەك لاپەأەیەکی سپی، ژیان سەردێأی بۆ ئەنووسێ و، ڕەنگە هەر لە سەرەتاوە نەخشەی مەرگیشی بۆ داأێژێ، خۆیشی و خۆشەویستەکانیشی پەلەیانە لە گەیاندنی بە مەرگ...پەلەیانە زوو دانی دەربێ، پەلەیانە زوو پێ بگرێ...ئینجا خۆیشی ئەچێتە پالًً ئەوان و پەلەی چوونە قوتابخانە و دەرچوون و کارکردن و ماڵ پێکەوەنان و لەنێوان ئەو هەموو پەلەپاوزێیانەشا وردە پەلەی هاتنی بەهار و جەژن و شایی و ... کورە ئیتر چووزانم ... ژیان ئەبێ بە (گەشتێکی بروسك ئاسا بەرەو مردن). خۆمەکەم، فەلسەفەی

ژیان لەوەدایە، فێرت ئەکا و فێرت ئەکا، تا نزیك ئەبیتەوە لەوەی لێی تێ بگەی، ئینجا لەپەل وپۆت ئەخا و ئەتکوژێ... تا وات لێ دێ لەژیاندا قاڵ بی و لەمانای راستەقینەی ژیان تێ بگەی، دەبینی ژیانت بەسەر چووە و لەمەرگەوە نزیکتری وەك لە ژیان.
بەخوا وابزانم بەم فەلسەفە بەتاڵ و بێ مانایە سەرتم خستە ژان...ئەوەتا تۆش خەریکە سەرخۆش ئەبی... بەڵام ئەمە واقیعی راستەقینەی ژیانە... رۆژگار هیچی راست و دروستی تیا نەماوە، هەرچی پێی بوترێ دادوەری لەم ژیانەدا نییە... لە بێ دادیا خەڵکی دادو یێدادیانە... خۆزگە ژیان و رۆژگاریش وەك ئەم ئاوێنەیە روون و ئاشکرا بوونایە، ئینجا دەتزانی رۆژگارەکەمان چەند تاڵ و ترشە، چەند تاریك و بێ مانایە و شایستەی ئەوە نییە خەمی بۆ بخۆین و، دڵ تەنگ بین بۆ ئەو خۆشەویستانەی ماڵئاواییمان لێ دەکەن... یان تەنانەت مرۆڤیش دەریا ئاسا دەروونی قووڵ نەبوایە و نەیتوانییایە پیسی و خیانەتکاری و درۆ و دەلەسەی تیا حەشارداو، بتوانرایە وەك ئاوێنەی یێگەرد هەموو پێچ و پەناکانی ناخ ببینرێ، ئەو کاتە دەمامکەکان دائەماڵران و، ئەمانتوانی بە شێوەیەکی تر ژیانمان بنیاد نێینەوەو، بە شێوەیەکی تر مامەڵە لەگەڵ ژیانا بکەین... ئای خۆمەگیان... ناخم ئەوەندە پڕە بۆم دەرنابڕێ... ئەو زریانەی لە قوڵاییەوە راپێچی تەنیایی و تاریکیم ئەکا زۆر لەوە بەهێزترە کە منێکی پەپوولە پایزەی دەم (با) بتوانم بەرەنگاری ببمەوە... ئێستا زانیت بۆچی خەڵکی ئاوێنەیان خۆش ئەوێ؟!... ئەوی بەلایا تێپەڕێ هەڵوێستەیەك ئەکا... یان هەر هیچ نەبێ ئاوڕێکی لێ ئەداتەوە، هەرکەسەو ئەیەوێ خۆی بە روونی ببینێ، ئەڵێی ئاوێنە لەدەرەوەی ئەم گەردوونەوە هاتووە، راست و دروستە، روون و بێ غەل و غەشە...تۆ هەروا دیقەت بدە ئەم غوربەتە چۆن دڵڕەقت ئەکا، بەزەیی و خۆشەویستی لە دڵتا ئەکاتە بوونێکی فیزیکی بێ سۆز و هەست، تۆ سەیری سیروانی برادەرمان بکە، ئەو برا نازدارەی بەو کارەساتە دڵتەزێنە تیا چوو...ئەزانی چۆن خەمەکەی ئاوەژوو بوەتەوە...خەمی گەورەی ئەوەیە کە ناتوانێ بە پێی پێویست خەفەت بخوا، ئێمە خۆمان لەسەر لانکەوە ئەبینە هاودەمی خەم، بۆیە خەمی خەفەت نەخواردنیش ئەخۆین... لێرە لەناو چاڵێکی قووڵی نووتەکی خەما گیرمان خواردووە... خۆ ئێمە لە شاخیش بە دەستی خۆمان هاوڕێکانی خۆمانمان ئەناشت... لەجیاتی گریان سرووددمان بۆ ئەوتنەوە... رەنگە ئەو قۆناغەشمان لای هەندێ کەس بخرێتە قاڵبی دڵڕەقیەوە... بەڵام دڵڕەقیەکی پڕ سۆز، هەست بزوێن... لەوێ ئەمانزانی ئەبێ چۆن لەدڵدا پرسەیان بۆ دانێین و، لەجیاتی لاواندنەوە، بکوژانیانمان هەراسان ئەکرد... ئای خۆمە گیان دیسانەوە گەڕاینەوە بابەتی دەسەڵات... لەوێ ئامانجێکمان هەبوو، هەر هیچ نەبێ بەقەبارەی خۆمان دەسەڵاتمان هەبوو، لەگەڵ هەموو مەترسیەکانیشدا ئەمانتوانی بڵێین نەو، لەوێ دوای کڵپەی ئاگر کەوتبووین و مەرگمان راوئەنا، بەڵام لێرە هەر لە چاوڕوانیدان، چاوەڕوانی مەرگەساتێکین لەم مەرگە بەردەوامە دەربازمان بکات...

ئەزانی چەند گرنگە بەدەسەڵات بیت ، خۆ دەسەڵات ئەوە نییە چەکدارت هەبێ و بتوانی ئازاری خەڵکی بدەی ... نا .. نا .. دەسەڵات ئەوەیە خاوەنی خۆت بی ... ئەزانی خۆمە گیان ... ( **بیر دەکاتەوە و خەیاڵ دەیباتەوە** )هەر ئەو رۆژەی

ماڵئاواییم لە دڵسۆز کرد، بۆ ئێوارەکەی، هاتنە سەرم و ڕاپێچی ئاسایشیان کردم.. ئەیانزانی من کێم ... ناوم وترابوو ... ئەوکەسەی ناوی منی دابوو تەنیا منی ئەناسی، بەڵام من پەیوەندیم لەگەڵ زۆر کەسا هەبوو ، زۆرم ئەزانی .... خۆ تۆ خۆتم لەگەڵابووی .. چۆن ڕیارمدا دەسەڵات لەدەستی منا بێ نەک ئەوان .... ئەو هەموو هێز و ئامێری ئەشکەنجەدانە نەیانتوانی دەسەڵات لە من وەگرنەوە و بیدەن بەوان ... ئەیانزانی کە من زۆر ئەزانم و پێیان ناڵێم ... ئەو ڕۆژانە خۆمم زۆر خۆش ئەویست ... زۆرم شانازی بە خۆمەوە ئەکرد ... ئەو کەسەی ناوی منی دابوو ... ئێستا ئەبێ بە سێ سکرتێرا بگەیتە لای ... وا نەزانی ڕقم لێیەتی یا خوا نەکردە بەسووکی سەیرکەم چونکە لەژێر ئەشکەنجەدا ناوی منی وتبوو ... خۆ من ئەزانم کە تواناى مرۆڤ سنووردارە و مەرج نییە بەرگەی ئەو هەموو دڕندەییە بگرێ ... من تەنیا بەزەییم پیایدا یەتەوە کە نەیتوانی دەسەڵات بگێتە دەست ، نەیتوانی خاوەنی خۆی بێ .... وەک ئێستای من بێ دەسەڵات بوو، چونکە بێ دەسەڵاتی بەشێکی گەورە لە بوونت ئەسڕێتەوە .... مرۆڤی بێ دەسەڵات و بێ ئامانج هیچ پاساوێک نییە بۆ بەردەوامی ژیانی ... هەناسەی یەت و ئەڕوا ... دڵی وەک مەکینەیەک لێئەدا و، بوون و نەبوونی ئەچنە یەک خانەوە ... ئێستا یەکێکی وەکو من ، پاساو چیە بۆ بەردەوامی ژیانم؟!! ئاخر خۆ هەندێجار مردنە باوەکە ئەیێتە ڕزگاربوون **... ( خەریکە سەری گەرم دەبێ و وردە وردە سەرخۆش دەبێ )** دڵنیابە ئێستا مردن بۆ من دەربازبوونە لە نەهامەتی ، ئای خۆمە گیان لە چییەوە هاتمە سەر چی ... خۆ من ئەگەر ئەو چارە گرانیەم نەبوایە ئەوەندە بێ دەسەڵات نیم دانیشم گلەیی لەبەختی خۆم بکەم ... بیرتە چۆن تووشی ئەم بەڵایە بووم ، هەر ڕێک بە پێوانە بۆ تێکشکانی من بوو ، نە کوشتمی تا ڕزگارم بێ و نە وای لێدام کە چارەسەری هەبێ... (**خەیاڵ دەیباتەوە )** بۆ دوربینەکەی مامۆستا .. بۆ دەمانچەکەی ئەو کەڵە جوامێرە .....

## بیرەوەری 3

**شوێن / سەر چیاکانی کوردستان**
**کات / پێش ڕاپەڕین ( بەرەبەیان)**

**دیمەنی /1**

شاسوار و چەند پێشمەرگەیەک ، لەگەڵ مامۆستا
کە دیارە یەکێکە لە لێپرسراوان، هەموو گیانیان تەپوتۆزە
و لەوە دەچێ لە کەمینێک ڕزگاریان بووبێ ، مامۆستا
ترس و پەشۆکاویەکی زۆری پێوە دیارە .

**مامۆستا :** من لەتاو ژیانی ئێوە نەم ئەزانی چی بکەم ، چونکە ژیانی ئێوە لە ئەستۆی منایە ، هەر

بۆیە ئەوەندە بەپەلە دەرچووین دوربین و دەمانچەکەم بیر چوو.

پێشمەرگەکان بە دزیەوە بە قسەکانی پێ دەکەنن ، تەنیا شاسوار نەبێ

**شاسوار :** مامۆستا گیان لە کاتی وادا ، زیرەکانەترین بڕیار کشانەوەیە . ئەوی بەخۆڕایی خۆی بەکوشت ئەدا لە نەزانییە نەک ئازایەتی ..
**مامۆستا :** ئەوەی تۆ ئەیڵێی زۆر راستە ، بەڵام گەڕانەوەی من بێ دوربین و دەمانچە ئەخرێتە خانەی عەیبەوە .. ئینجا کێ ئەتوانێ لەو قسە و قسەڵۆکە رزگارمان بکا ؟
**پێشمەرگەیەک:** مامۆستا گیان گوێت لە بۆمباباران نیە ؟ گەڕانەوەی ئێمە یەعنی خۆ بەکوشتدان
**شاسوار :** من ئەچم بەڵام بەو مەرجەی ئێوە بەردەوام بن لە رۆیشتن و خۆتان بەکوشت نەدەن

**بڕین**

**دیمەنی /2**
**شوێن / مزگەوتێک لە لادێ**
**کات / دەمەوئێوارە**

پێشمارگەکان دەشڵەژێن بەرەو دەرەوە را دەکەن
**گرتە / 3**
**شوێن / دەرەوەی مزگەوت**
**کات / هەمان کاتی گرتەی 2**

گوند نشینێک شاسواری هێناوەتەوە ، بەسەر گوێدرێژێکەوە شۆر کراوەتەوە و هەمو گیانی خڵتانی خوێنە و دەم و چاوی لەبەر خوێن نابینرێ .. دوربین و دەمانچەکەی پێیە

**گوندنشین:** لەگەڕانەوەیا دوژمن بەدی کرد و ئەو ناوەیان کردە ئاگر باران ، کە پێکرا لەدوورەوە چاومان لێی بوو ، بەو وەزعەشەوە هەر خۆی کێش ئەکرد ، تا

لەچاوی دوژمن ون بوو ، ئینجا توانیمان
بەهانایاوە بچین ...

## گەڕانەوە بۆ شانۆ

(وێنەکەی خۆی لەئاوێنەکەوە پێی پێ دەکەنێ )
**دەنگەکە :** ئێستا مامۆستا دوو (دالی) دوربین ۆ دەمانچەکەی گۆڕیوەتەوە بە دوو دالی تر ، دۆلار و دەسەڵات **( دەنگەکە بەردەوام پێدەکەنێ )**
**شاسوار: ( زۆر بە تووڕەییەوە )** دەبەنگ بەچی پێئەکەنیت .. گوایە نازانیت من بووم بە پەنگی زەمانە و پاش ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایە، تەنانەت ناتوانم لە خۆشەویستەکەشم نزیک ببمەوە ، ئێستا خوا ئەزانێ ئەویش چی بەسەر هاتووە .. ئاخر خۆ من هەرچیەکم کردبێ بۆ خۆمم کردوە و چاوەڕێی پاداشت نیم، بەڵام بەزەییم بە پێدەسەڵاتی خۆما یەتەوە ...
( لەگەڵ خواردنەوەو مەست بووندا بەرچاوی کەمێك لێڵ دەبن، بەڵام هەست دەكا کە وردە وردە سۆزی دەتەقێتەوە و هزری دەسەڵات دەگرێتە دەست. لەناکاو وەك پێتەوە هۆش خۆی هەڵوێستەیەك دەکاو، بەقینەوە سەیرێکی ئاوێنەکە دەکا، چاوی دەپرێتە چاوەکانی خۆی...)
ئاخر خۆمی هیچ و پووچ، بۆ ئەوەندە دەبەنگ و گەلحۆی؟!. بۆ ئەتەوێ خۆت لەراستیەکان لابدەی؟. خۆ خەباتی چەکداری خۆی لەخۆیا ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانج، چۆن ئەبێ چەکداری ببێتە ئامانج... تۆ درۆ لەگەڵ من ئەکەی، یان لەگەڵ خۆت؟!... ئەی نازانی ئەو ئامرازەی لە شاخ هیمای سەربەستی و ئازادی بوو لەشارا ئەبێتە ئامێری تۆقاندن و، ئازادی زەوت کردن؟!... ئەگەر لە شاخ خەبات بووبێ، لەشار ئەبێتە (خەباتە)، ئەگەر لەشاخ تێکۆشان بووبێ، لەشار ئەبێتە تێگوشین. ئەی گوایە تۆ خۆم نیت؟! خۆم؟!!!... نەء خۆمی چی؟ کێ ئەڵێ تۆ خۆمی؟ ئەگەر خۆم بویتایە ئەتوێرا چاو لەچاوم ببڕی... ئای ئاوێنە ساختەچیەکە... تۆ لەخشتەبەری تەواوی... چەند وەختە بەوە هەڵم ئەخەڵەتێنی گوایە ئەوەی لە تۆدا ئەیبینم خۆمم؟؟؟ راستت کردوە بەچەپ و چەپت کردوە بەراست... بەتەواوی پێچەوانەی خۆمم پیشان ئەدەیت و ئەتەوێ بڵێی ئەوە منم!!... تۆ ریاییکەر و دووڕوو درۆزنی، ئەگەر سیاسەتمەدار بوویتایە، ئێستا پایەیەکی بڵندت ئەبوو... خۆتم لێ مەکە بەسەرخۆش هەی بێ شەرمی درۆزن، تۆ راستی ئەشێوێنی.
(لەگەڵ تەواوکردني قسەكانیدا، تا هێزي تیایە لەپی دەستی ئەدا بةئاوێنەکەدا، ئاوێنە هاڕە دەکاتە خوارەوە، تەنیا ئەوەندە بة کەنتۆرەکەوە دەمێنێ کة رووی خۆی تیا ببینیێ، ئەویش درز تەنیوێتی، بۆیە ئەم بەسەرسامیەوە لێی دەچێتە پێشەوە)

**دەنگەکە: ( بە گاڵتەجاڕییەوە پێدەکەنێ )** منی تۆ ، یان منی عەکسی تۆ چەند پێچەوانەشبێ هەر بەشێکە لەو واقیعە تاڵە .. بەڵام تۆ لەگەڵ شکاندنیا ئەویشت شێواند و ئەوەندەی تر چارەی خۆشت ناشیرین کرد....
**(شاسوار بە سەرسامیەوە لە ئاوێنەکە دەڕوانێ )**

# ئەمە سەرەتایە یان کۆتایی ؟؟!!!!!!